Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC- 6

# نوانــدنی کــارتۆگــرافی بۆ توانستەکانی گەشتوگوزاری ڕۆشنبیریی لە ئیدارەی گەرمیان

کامران محمد توفیق [1], شەماڵ علی مارف [2], ارام حسن محمـد [3]

1-بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق
2-بەشی گەشتوگوزار، کۆلێژی بازرگانی، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان- عێراق
3-بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

Article Info

| | |
|---|---|
| Received | April 2025 |
| Accepted | May 2025 |
| Published: | August 2025 |

Keywords

نواندنی کارتۆگرافی ، گەشتوگوزاری ڕۆشنبیریی، ئیدارەی گەرمیان

Corresponding Author

kamaran.mohammed@garmiam.edu.krd
Aram.hassan@garmiam.edu.krd
Shamal.marif@univsul.edu.iq

## پوختە:

گەشــتوگوزاری ڕۆشــنبیریی (کلتوریی) لەســەردەمی ئێســتادا هەوادارێکی زۆری پەیداکردووە و خۆی دەبینێتەوە لە تێکەڵبوونی گەشتیار لەگەڵ کلتور و شارستانیەت و شێوازی ژیانی دانیشتوانی وڵاتێك یان ناوچەیەك، بەهۆی دەوڵەمەندیی ئیدارەی گەرمیان بە توانســتەکانی پراکتیزەکردنی ئەم جۆرەی گەشـتوگوزار ئامانجی توێژینەوە شـیکردنەوە و خسـتنەرووی پێکهێنەرەکانی گەشـتوگوزاری ڕۆشنبیرییە لە ناوچەکەدا لە ڕێگەی شیکردنەوەی شوێنی و ئامرازی نەخشەیی نوێوە ئەنجامدراوە، توێژینەوەکە لە سێ باسی ســـەرەکی پێکهاتووە، بە چوارچێوەی تیۆریی دەســـت پێدەکات، دواتر شیکردنەوەیەکی جوگرافییانە بۆ توانستەکانی گەشتوگوزاری ڕۆشنبیریی لە ناوچەکەدا دەکات، کە پێگە مێژوویی و شوێنەواریی وشارستانییەکان و مۆزەخانە و فیستڤاڵ و چالاکیە ڕۆشنبیرییەکان و کاری دەســـتی و میوزیك و هونەر و جل و بەرگی ڕەســـەن و خواردن و خواردنەوە تایبەتەکانی ناوچەکە لەخۆدەگرێت، تەوەری سـێیەم تایبەتە بە نواندنی کارتۆگرافیی بۆ دابەشـبوونی شـوێنە مێژوویی و شـوێنەوارییەکان و خزمەتگوزارییە گەشـتیارییەکان و ڕێگاکانی گەیشـتن پێیان لەڕێگەی ژمارەیەك نەخشـــەی جۆراوجۆرەوە، لەم توێژینەوەدا میتۆدەکانی وەســـفی و شـــیکاری بە ئامانجی گەیشـتن بە دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی بەکارهاتووە، لە شـیکاری داتا و دروســتکردنی نەخشـەکاندا توێژینەوەکە پشـتی بە بەرنامەکانی (GIS) و(RS) بەسـتووە، گریمانەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای دەوڵەمەندی ناوچەکە بە توانستەکانی پەرەپێدانی ئەم جۆرەی گەشتوگوزار دانراوە، لە کۆتاییدا توێژینەوەکە ڕاسـپاردە و پێشـنیارە زانسـتییە پێویسـتەکانی بۆ بەرەوپێشـبردنی ئەم کەرتە زیندووە خســتوەتەڕوو، لەلایەکی ترەوە یارمەتی پلاندانەران و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەدات بەشێوەیەك لەگەڵ پێویستییەکانی پەرەپێدانی بەردەوامدا بگونجێت و بەشداری بکات لە پاراستنی شوناسی کلتوری ناوچەکەدا..

## باسی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

### پێشەکی:

گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری ڕۆڵ و گرنگییەکی بەرچاوی هەیە لەسەردەمی ئەمڕۆماندا، بەو تایبەتمەندی و ڕواڵەتە شارستانییەی هەیەتی بەشداری دەکات لە ڕاکێشانی گەشتیار لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهان، بە ئامانجی ئاشنابوون بە مێژوو و شارستانییەت و شێوازی ژیانی ئەو کۆمەڵگانە، لە ڕاستییدا دەبێت بایەخ بەو ڕواڵەتە مێژوویانە بدرێت و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و تاکەکانی کۆمەڵگە و لایەنی بەرپرس بەشدارییان پێبکرێت بە ئامانجی ئەوەی بەشێک بن لە پرۆسەی چالاککردنی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستاندا، لەئەنجامدا کارکردن لەسەر دەستەبەرکردنی هەلی کاری نوێ و زیاتر کە بە فاکتەری بەرزکردنەوەی داهاتی تاک و کۆمەڵگە دادەنرێت، گرنگە کار لەسەر بە بازاڕکردنی گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری بکرێت بە ئامانجی گرەنتیکردنی بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی کەرتی گەشتوگوزار بەگشتی و گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری لە ناوچەی توێژینەوەو هەرێمی کوردستاندا بەتایبەتی، بەهۆی ئەوەی ئەم کردارە بە یەکێک لە پایە بنەڕەتییەکانی پەرەپێدان دادەنرێت، بۆیە بایەخدانی زیاتر دەخوازێت بۆ باشترکردنی ئاستی خزمەتگوزاری گەشتوگوزاریی بەشێوازێک لە ئاستی گرنگی ئەم جۆرەبێت لە گەشتوگوزار.

### کێشەی توێژینەوە:

زۆرێک لە شوێنەوار و شوێنە مێژوویی و ئاینییەکان ڕووبەڕووی تێکدان و پشتگوێخستن بونەتەوە، هەروەک گەشتیاریش ڕووبەڕووی ئاستەنگ و گرفت دەبێتەوە، بەتایبەت لە ڕووی گواستنەوە و نەبوونی شوێنی گونجاو بۆ مانەوە و بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری و پێداویستییە گەشتیارییەکانی، هەرچەندە ئەم جۆرە لە گەشتوگوزار دەتوانێت پاڵپشتییەکی باش بێت بۆ ئابووری ناوچەکە و هەرێم.

### گرنگی توێژینەوە:

گەشتوگوزار گرنگی و بایەخی زانستی و مێژوویی دەبەخشێتە ناوچە شوێنەوارییەکان، ئەوانەی توانای ڕاکێشانی گەشتیاریان هەیە، بەگشتی گرنگی ئەم بابەتە لەم خاڵانەدایە:

١-بەشداریکردن لە بڵاوکردنەوەی هوشیاری گەشتیاریی لە گرنگی ئەو ناوچانە لە ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەکە و هەرێم.

٢-بەشداریکردن لە چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری لە ڕێگەی دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجان و بەشێك لە دانیشتوانی ناوچەکە.

٣-پەرەپێدانی ڕۆڵی ناوەندە ئەکادیمی و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە نۆژەنکردنەوە و گرنگیپێدانی ناوچە شوێنەواریی و گەشتیارییەکان و ناساندنیان.

### ئامانجی توێژینەوە:

دەکرێت ئامانجەکانی پشت ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتبکەینەوە:

1. ناساندنی ئیدارەی گەرمیان وەکو یەکێك لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی مێژوو شارستانیەت لە هەرێمی کوردستاندا.
2. نواندنی گرنگترین بنەما مێژوویی و شوێنەواری و ئاینییەکانی ناوچەی توێژینەوەلەسەر نەخشە.
3. دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان پێگە و پاشماوە شوێنەوارییەکان و گەشتیارانی گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری لە ناوچەکەدا، لەڕێگەی ناساندنی ئەم پاشماوانەو ئاستی ئەو خزمەتگوزاریانەی دەکرێت لە ئێستا و لە داهاتوودا پێشکەش بە گەشتیاران بکرێت.

### گریمانەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای دوو گریمانەی سەرەکی ئەنجامدراوە ئەوانیش:

1. توانستەکانی گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری لە ئیدارەی گەرمیان لە توانایاندایە ببنە فاکتەری پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری.
2. پاشماوە مێژوویی و شوێنەوارییەکان و خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانی ناوچەی توێژینەوەلە ئاستی پەرەوپێشچوونی گەشتوگوزاری ڕۆشنبیریدا نین لە ئێستادا.

### میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بە پشت بەستن بە میتودەکانی وەسفی مێژوویی و شیکاریی شیکردنەوەی بۆ گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری و پەرەپێدانی ئەم جۆرەی گەشتوگوزار لە ئیدارەی گەرمیاندا کردووە، لەڕێگەی بەکارهێنانی چەندین بەڵگە نامە و دۆکیۆمێنت و توێژینەوە و بابەتە زانستییەکانی ئەم بوارە و سەردانی مەیدانی، بە ئامانجی گرەنتی کردنی وردی و بابەتی بوون و گەیشتن بە ئەنجام و پێشنیاری پێویست بۆ بابەتەکە.

## باسی یەکەم: ناساندنی زاراوە بەکارهاتووەکان و ناوچەی توێژینەوە:

### یەکەم: زاراوە بەکارهاتووەکان

زاراوەکانی ( گەشتوگوزار، گەشتیار، گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری و ئیدارەی گەرمیان) زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە، بۆیە لە توێژینەوەکەدا بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە:

## 1. گەشتوگوزار: Tourism

زاراوەی گەشتوگوزار (Tourism) بنەڕەتەکەی لە وشەی (Tour) هاتووە، لە زمانی ئینگلیزیدا مەبەست لێی گەشتێکە کە تاک پێی هەڵدەستێت و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ هەمان خاڵ کە لێوەی دەستپێکردووە،بەمانایەکی تر گەشتێکی بازنەیی یە لەگەڵ پلان بۆ سەردانکردنی ژمارەیەك شوێن بە ئامانجی کاتبەسەربردن و فێر بوون، واتە ووشەی (Tour) بەمانای گەشتێکە لەماڵەوە دەست پێدەکات و لەهەمان خاڵدا کۆتایی دێت (الصیرفي، 2009، ص11).

یەکەمین پێناسە لە لایەن جویر فرۆیلەر (G.Freuler) ی ئەڵمانی کراوە کە دەڵێت (گەشتوگوزار دیاردەیەکە لە دیاردەکانی سەردەم، هەڵقوڵاوی پێویستیی زیاترمانە بە پشوودان و هەواگۆڕکێ لە پێناوی هەستکردن بە جوانی سروشت و چێژوەرگرتن لە مانەوە لەو ناوچەیەی کە سروشتێکی تایبەتی هەیە ) (الحوري و الدباغ، 2001، ص45).

لە ساڵی 1910 زانای ئابوریناسی نەمساوی هێرمان ڤۆن شۆلیرۆن (Herman Von Sholleron) دەڵێت (گەشتوگوزار سەرجەم ئەو دیاردانە دەگرێتەوە کە بە پلەی یەکەم تایبەتمەندیی ئابوریان هەیە و هانی گەیشتنی گەریدەکان دەدات بۆ ناوچەیەك یان دەوڵەتێکی دیاریکراو و مانەوەیان تیایدا و دواتر جێهێشتنی، ئەم دیاردانەش لە پەیوەندییەکی بەردەوامدان)(عومەر، 2006، ل11) .

دامەزراوەی گەشتوگوزاری نێودەوڵەتی گەشتوگوزار پێناسە دەکات بەوەی (چالاکییەکی مرۆیی و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە هەڵدەستێت بە گواستنەوەی تاکەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی خۆیان بۆ دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ ماوەیەکی کاتیی، کە کەمتر نەبێت لە (24 کاتژمێر ) و زیاتر نەبێت لە (1 ساڵ) وە بۆ ئەنجامدانی یەکێك لە مەبەستەکانی گەشتوگوزار بێت بەدەر لە خوێندن و کارکردن(حجاب، 2003، ص22) .

لە ڕوانگەی ئەو پێناسانەی بۆ گەشتوگوزار کراون دەتوانین بڵێین ( گەشتوگوزار کۆمەڵێك دیاردە و چالاکی(ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، شارستانی، کەلتوری و هونەری) یە، لە ئەنجامی گۆڕینی ژینگەی هەمیشەیی بۆ ماوەیەکی کاتی دروست دەبێت بەمەرجێك لە (24 کاتژمێر ) زیاتر و کەمتر لە (12 مانگ ) بێت، وە ئامانج لێی بەدەستهێنانی دەسکەوتی ماددی نەبێت، وە بۆ مەبەستی حەوانەوە و کات بەسەربردن وریکخستنەوەی توانا بیری و هۆشییەکانی گەشتیار ئەنجام درابێت ).

## 2. گەشتیار:Tourist

زاراوەی گەشتیار لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا بۆ کەسێك بەکارهاتووە بۆ سەیران و تێڕوانین و توێژینەوە و پشکنین دەگەڕێت) (ابن منظور، 1956، ص492)، لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد (Oxford) ی بەریتانیدا گەشتیار کەسێکە بۆ وەرگرتنی چێژو خۆشی سەردانی شوێنێك دەکات (Wehmeimer، 2004، p1375 ).

توێژەری ئینگلیزی ( ئوجلی ) دەڵێت ( گەشتیار ئەو کەسەیە بۆماوەی کەمتر لەساڵێك ماڵی خۆی بەجێبهێڵێت، بەهۆی مانەوەی لەو شوێنەی گەشتی بۆکردووە بڕێك پارە خەرج دەکات بەمەرجێك ئەو پارەیە لە شوێنە گەشتیارییەکە پەیدای نەکردبێت ) (الحوري و الدباغ، ٢٠٠١، ص٥٦).

لیژنەی پسپۆڕانی ئاماری کۆمەڵەی گەلان لە شاری (جنێف) لە ڕاپۆرتێکدا کە لە ساڵی 1936 بەرزیانکردەوە بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان دەڵێت ( زاراوەی گەشتیار بۆ ئەو کەسانە بەکار دێت کە ماوەی 24 کاتژمێر یان زیاتر لە دەوڵەتێك یان ناوچەیەکدا بمێنێتەوە بەمەرجێك جیاواز بێت لە ناوچەی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی خۆیان ) (موسیس، ٢٠٠٤، ص١٣).

لەبەر ڕۆشنایی پێناسەکانی سەرەوە دەتوانین بڵێین ( گەشتیار ئەو کەسەیە بۆ دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی گەشتدەکات بەهەر هۆکارێك بێت جگە لە بەدەستهێنانی قازانجی ماددی، ئەگەر گەشتەکەی لەناو سنوری وڵاتەکەی خۆیدا بوو ئەوا بە گەشتیاری ناوخۆیی و ئەگەر سنوری سیاسی دەوڵەتەکەی خۆی تێپەڕاند ئەوا بە گەشتیاری نێودەوڵەتی دادەنرێت، مەرجە ماوەی گەشتەکەی لە 24 کاتژمێر زیاتر بێت، ئەگەر ماوەکەی لەوە کەمتر بوو ئەوا بە سەیرانکەر دادەنرێت ) (عبدالعزیز، ٢٠٠٨، ص٢٧).

## 3. گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری: Cultural tourism

بریتییە لە گەشتکردن بۆ ناوچەو پێگە کلتوری و شارستانی و شوێنەوارییەکان، کە پەیوەندیی بە بینین و ئاشنابوونی گەشتیار هەیە بە کلتور و دابونەریت و شێوازی ژیان و جلوبەرگی ناوچەیی و هونەری میللی و گۆرانی ڕەسەن و میوزیك و هونەری تەلارسازی و سەرجەم تایبەتمەندییەکانی دیکەی ژیانی دانیشتوانی ناوچەیەك یان وڵاتێك (OECD،2009 ) .

دەتوانین بڵێین گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری جوڵەی گەشتیارە بۆ شوێنە سەرنجڕاکێشە کلتووریی و شارستانییەکان جیاواز لە شوێنی ئاسایی نیشتەجێبوونی خۆی، بە ئامانجی کۆکردنەوەی زانیاری و ئەزموونی نوێ بۆ تێرکردن و وەڵامدانەوەی پێداویستییە کلتورییەکانی، ئەم پێداویستییە کلتوورییانە دەتوانن ببن بە دامەزرێنەری ناسنامەی ڕۆشنبیری گەشتیار (G،1996).

ئەم جۆرەی گەشتوگوزار لە گەشەکردندا بەیەکێك لە خێراترین جۆرەکانی گەشتوگوزار دادەنرێت لە جیهاندا، کە هانی گەشتیار دەدات بۆ ئاشنابوون بە کلتورە جیاوازەکان و دۆزینەوەی شوێنە مێژوویی و شارستانییەکان، گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری بەتەنها سەردانکردنی ناوچەیەکی نوێ نییە بەڵکو پێکدێت لە بونیادنانی خود و بەدەستهێنانی زانست و زانیاری نوێ و هەمەجۆرکردنی لایەنی ڕۆشنبیری گەشتیار (Goldenhorsestravel.com).

### 4. ئیدارەی گەرمیان :

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای نەوەدەکانەوە پێی باش بووە گەرمیان بکرێت بە پارێزگا، بەڵام ئەوکات بەهۆی ناڕوونی چارەنوسی پارێزگای کەرکوك و نەگەڕانەوەی بۆ سەر سنوری هەرێمی کوردستان، پرۆژەیەکی لەو جۆرە ئیمکانی جێبەجێکردنی نەبوو، چونکە زۆرکەس پێیان وابوو لەحاڵەتی بە پارێزگاکردنی گەرمیاندا، واتە کورد دەست بەرداری بەشێك لە خاکی کەرکوك بووە، بۆیە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوك، کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێك لە ناحیەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبوونی بینا بۆ فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوك.

دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە لەساڵی 2003دا، گەرمیان، کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی تووشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەویش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخان، بۆ چارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە کارگێڕییە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێك لە ڕۆژی 2006/8/6 ئیدارەی گەرمیانی پێکهێنا، کە سەنتەرەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، ئەم ئیدارە سنووری کارگێڕی و جوگرافی بریتی بوو لە قەزاکانی کەلار و کفری و چەمچەماڵ و دەربەندیخان و هەردوو ناحیەی قۆرەتوو و مەیدان لە سنوری قەزای خانەقین و ناوەندەکەشی لە شاری کەلارە، هەروەها لە پێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو ڕووەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار دراوە بە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە، لەئێستادا، ئیدارەی گەرمیان پێکهاتووە لەهەریەکە لەقەزاکانی(کەلار، کفری، بەشێك لە ناحیەکانی قەزای خانەقین).

## دووەم: تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی ناوچەی توێژینەوە:

### 1. شوێن و ڕووبەر:

ناوچەی گەرمیان ناوچەیەکی فراوانە و دەکەویتە باشوور و ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان، ئەم سنوورە ژمارەیەک یەکەی ئیداری لەخۆدەگریت، کە بریتین لە قەزاکانی کەلار، کفری، خانەقین و چەمچەماڵ، قەزای کەلار سەنتەری ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان پێکدەهێنێت، بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە بەشێک لەم ناوچانە دەکەونە ناو سنووری مادەی (١٤٠)ی دەستوری عێراق و بە ناوچەکانی دەرەوەی سنووری ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یان ناوچە کیشە لەسەرەکان ناسراون لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندا، وەک (ناحیەی ناوەند و جەلەولا و سەعدیە) لە قەزای خانەقین و ناحیەکانی (جەبارە و قەرەتەپە) لە قەزای کفری، ئەوەی پەیوەستە بە قەزای چەمچەماڵەوە بەهۆی دووریی قەزاکە لە ناوەندی ئیدارەی گەرمیانەوە و نزیکی لە پارێزگای سلێمانی، لەسەر داوای دانیشتوانەکەی خراوەتە سەر پارێزگای سلێمانی، بەو هۆکارانەی ئاماژەمان پێدا لە ئێستادا ئیدارەی گەرمیان بریتییە لە قەزای کەلار و قەزای کفری (جگە لە ناحیەکانی قەرەتەپە و جەبارە) و قەزای خانەقین (تەنها ناحیەی قۆرەتو و مەیدان)، کە ئەمە سنووری ناوچەی توێژینەوەیە، وەکو لە نەخشەی (١) خراوەتە ڕوو لە بەشی ڕۆژهەڵاتەوە خاوەنی سنووری نێودەوڵەتییە لەگەڵ وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە بەشی ڕۆژئاواو و باشووری ڕۆژئاوا هاوسنورە لەگەڵ هەردوو پارێزگای کەرکوک و سەلاحەدین، لە باکوورەوە هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی و هەرچی باشوورەکەیەتی هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگای دیالە، ڕووبەری ئەم ناوچە (٦٢٥٥،٩) کم٢، لە ڕووی ئەسترۆنۆمییەوە ناوچەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو هێڵی پانی (46¨ 11´ 34°- 01¨ 12´ 35°) باکوور و هێڵی درێژی (40¨ 28´ 44°- 01¨ 54´ 45°) ڕۆژهەڵات.

نەخشەی (١) شوێنی جوگرافی ئیدارەی گەرمیان بە پێی هەرێمی کوردستان و عێراق




سەرچاوە :

1. توێژەران بەبەکارهێنانی بەرنامەی **Arc Gis 10.8** .
2. هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنۆلۆجیای سلێمانی (**GIS**)، نەخشەی کارگێڕی هەرێم، بە پێوەری (1:35.87) .

## 2. دانیشتوان:

دانیشتوان جوڵێنەری سەرجەم چالاکیە مرۆییەکانن لەسەر زەوی، بەکەرەستەی سەرەکی چالاکی گەشتوگوزار دادەنرێن، چونکە لەلایەکەوە دەبنە داواکاری لەسەر شمەك و کالا گەشتیارییەکان لەلایەکی دیکەشەوە لە شوێنە گەشتیارییەکاندا پێداویستی گەشتیاران دەستەبەر دەکەن و دەبنە دەستی کاری گەشتیاری، توێژینەوە و داتا و ڕووپێویەکانی ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانی ( World Tourism Organization) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە سێ گەشتیار یەک هەلی کار دەڕەخسێنن، سەرەڕای ئەوەیش کار لەسەر جوڵاندنی زیاتر لە (٢٨) چالاکی ئابووری تر دەکەن، بۆیە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و بەرزیی ئاستی داهاتیان بە گرنگترین فاکتەری گەشەپێدانی گەشتوگوزار دادەنرێت (المسعودي، ٢٠١٣، ص١١٢).

### أ-ژمارەی دانیشتوان و گەشەکردنی:

بوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە هەر ناوچەیەکدا بەهۆکارێکی کاریگەر دادەنرێت بۆ دەرچوونی گەشتیار و خواستی گەڕان، ژمارەی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان (١٩٩٢٧٧) کەس بووە لە ساڵی ٢٠٠٢، ئەم ژمارە نزیکەی (٥،٦%)ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی پێکدەهێنا، دواتر ژمارەکە زیادی کردووە بۆ (٢٢٣٢٩٣) کەس لە ساڵی ٢٠٠٩، واتا بەڕێژەی گەشەی ساڵانەی 1.64% زیادی کردووە، بەپێی ئەم ژمارە دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان (٤%) کۆی گشتی دانیشتوانی هەرێمیان پێکدەهێنا، نزمی ڕێژەی گەشەی ساڵانە لە ناوچەی توێژینەوە لەو ماوەدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداو و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) دا، لە ئەنجامی ڕووخانی ڕژێمی بەعس و نەمانی ترس زۆرێک لە دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان کە پێشتر نیشتەجێی سنووری شارەکانی خانەقین و جەلەولا قەرەتەپە و جەبارە و دووز دەوورووبەریان بوون گەڕانەوە بۆ زێدی باوباپیریان، ئەمەش بەڕوونی لە ڕێژەی بەشداری کردنی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە دەردەکەوێت، کە نزیکەی (٤%)، بەپێی داتاکانی ساڵی ٢٠٢٤ ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە ڕوو لە هەڵکشانە و گەیشتووەتە (٣٤٧١٠٤) کەس، بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی 2.98%، بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانە لەو ماوەدا دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی ئاوارەی شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دوای سەرهەڵدانی شەڕی مەزهەبی و کۆنترۆڵکردنی هەندێك ناوچە لە لایەن داعشەوە و جێگیربوونیان لە شارەکە، سەرەڕای کۆتایی هاتنی شەڕی داعش و باشتربوونی دۆخی ناوچەکانیان، لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە (٥،٣%) کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن. ئەم بەرزبونەوەیە بەڵگەی گونجاوی ناوچەکەیە بۆ چالاکیە ئابورییە جۆراوجۆرەکان، کە گەشتوگوزاریش یەکیکە لەو چالاکیە ئابورییانەی پێویستی بە دەستی کاری زۆر هەیە.

خشتەی (١)

زیادبوونی دانیشتوان لە ئیدارەی گەرمیان و ڕێژەی لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی نێوان سالانی (٢٠٠٢-٢٠٢٤)

| ماوە | ژمارەی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان | گەشەی ساڵانە | ژمارەی دانیشتوانی هەریم | ڕێژەی ئیدارەی گەرمیان لەکۆی هەریم% |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٢ | ١٩٩٢٧٧ | - | ٣٥٢٥٤١٥ | ٥,٦ |
| ٢٠٠٢-٢٠٠٩ | ١٩٩٢٧٧- ٢٢٣٢٩٣ | ١،٦٤ | ٥٥٧٢٨٩٣ | ٤ |
| ٢٠٠٩-٢٠٢٤ | ٢٢٣٢٩٣- ٣٤٧١٠٤ | ٢،٩٨ | ٦٥٠٣٠٠٠ | ٥,٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە: ١- مديرية احصاء السليمانية، خلاصة النتائج الاحصائية عن عدد السكان حسب الوحدات الادارية في الاقليم لسنة 2002 (غير منشورة).

٢-بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی پارێزگای سلێمانی ساڵی 2009.

٣-شيروان عمر رشيد، بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لەپارێزگای سلێمانیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2011، ل١٤٣.

(*) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەی خوارەوە دەرهێنراوە:-

$$r = \left( \sqrt[T]{\frac{P1}{p0}} - 1 \right) \times 100$$

R=ڕێژەی گەشەی ساڵانە.

T=ژمارەی ساڵانی نێوان دوو سەرژمێری.

p1=ژمارەی دانیشتوان لە دواین سەرژمێری.

po=ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری یەکەم

بروانە: طه حمادي الحديثي، جغرافية السكان، ط2، مطبعة جامعة الموصل، الموصل، 2000، ص308.

خشتەی (٢)

ژمارەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی ئیدارەی گەرمیان لە ماوەی نێوان (٢٠٠٢-٢٠٢٤)

| یەکەی کارگێڕی | ٢٠٠٢ | ڕێژە لەگۆی ئیدارە | ٢٠٠٩ | ڕێژە لەگۆی ئیدارە | ٢٠٢٤ | ڕێژە لەگۆی ئیدارە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ق.کەلار | ١٤١٠٨٦ | ٧٠،٨ | ١٦٥١٧٧ | ٧٤ | ٢٥٣٢٤٩ | ٧٣ |
| ق.کفری | ٤٢٥٤٦ | ٢١،٣٥ | ٤٥٣٥٦ | ٢٠،٣ | ٧٥٩٨٧ | ٢١،٩ |
| ق.خانەقین | ١٥٦٤٥ | ٧،٨٥ | ١٢٧٦٠ | ٥،٧ | ١٧٨٦٨ | ٥،١ |
| ئیدارەی گەرمیان | ١٩٩٢٧٧ | ١٠٠ | ٢٢٣٢٩٣ | ١٠٠ | ٣٤٧١٠٤ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە : سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە: ١- مديرية احصاء السليمانية، خلاصة النتائج الاحصائية عن عدد السكان حسب الوحدات الادارية في الاقليم لسنة 2002 (غير منشورة).

٢-بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی پارێزگای سلێمانی ساڵی 2009.

٣-محمد مهدی کریم، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دانیشتوان و پەرەپێدانی مرۆیی لە ئیدارەی گەرمیان، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٣.

## ب_پێکهاتەی ژینگەیی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان:

شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ ڕۆڵی دەبێت لە ئەنجامدانی چالاکی گەشتوگوزاریدا، بەهۆی ئەوەی گەشتوگوزار بریتییە لە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی تاکەکان، بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە گەشت ئەنجام دەدەن نیشتەجێی شارەکانن، ئەمەش بەهۆی جەنجاڵی شار و بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و زۆری و ڕێکخراوی کاتەکانی بەتاڵی بەراورد بە دانیشتوانی گوندەکان، بەهۆی ئەوەی دانیشتوانی شارەکان زۆرینەیان لەکەرتەکانی خزمەتگوزاریی و پیشەسازیی و بازرگانی کاردەکەن داهات و کاتی پشووەکانیان دیاریکراوە، بۆیە دەتوانن گەشتەکانیان بەپێی کاتی بەتاڵی و داهاتی بەردەستیان ڕێکبخەن ، بەڵام دانیشتوانی گوندەکان بەهۆی ئەوەی زۆرتر بەکاری کشتوکاڵکردنەوە خەریکن کەمترکاتی بەتاڵیان هەیە بۆ گەشتکردن، ئەویش بەهۆی ئەوەی کێڵگە بەبەردەوامی پێویستی بەچاودێریکردن و کارکردن هەیە، سەرەڕای ئەوەی گوندەکان بەراورد بەشارەکان قەبارەیان بچووکە و ژینگەیان پاکە و خۆیان سروشتێکی تاراددەیەك گەشتیارییان هەیە، بۆیە دانیشتوانەکەیان کەمترگەشت دەکەن، دانیشتوانی شارەکان بۆ خۆرزگارکردن لە جەنجالییەکانی ژیانی شار حەز بە گەڕانی زیاتر دەکەن بەراورد بە گوندنشینان، دەربارەی گرنگیی شارنشین لە ئەنجامدانی چالاکی گەشتوگوزار ئەوەندە بەسە، کە بڵێین لە زۆربەی شێوازەکانی تایبەت بە دەستنیشانکردنی هێزی ڕاکیشان بۆ ناوچەیەکی گەشتوگوزاری پشت دەبەستن بە ژمارەی دانیشتوانی شارەکان،

بۆ نمونە (وولف ) بۆ ئەوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی وردتر بێت لەو هاوکێشـــەی کە بەکاری هێناوە، پشـــتی بە ژمارەی دانیشـــتوانی شـــار بەســـتووە نەک تێکرای ژمارەی دانیشـــتوان، چونکە بارودۆخی شـــارەکان زیاتر هانی دانیشـــتوانەکەی دەدات، کە بەشـــداری لە چالاکی گەشتوگوزاریدا بکەن بە بەراورد لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکان کە ئارەزوی ئەنجامدانی گەشتکردنیان کەمترە(محمد، ٢٠١٥، ل٧٧).

بە پێی زانیارییەکانی خشتەی (٣) تا قەبارەی شار و ژمارەی دانیشتوانی شار زیاتر بێت خەڵکێکی زیاتر دەردەچن بۆ گەشتکردن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنیت ناوچەکانی دەوروبەری دەبنە شوێنی لەخۆگرتنی ئەوکەسانەی لەشار دەردەچن، پەیوەست بەم بابەتە ژمارەی دانیشتوانی شاری کەلار نزیکەی (١٧٤٤٤٦) کەسە لە ساڵی (٢٠٢٤) (بە.ئاماری گەرمیان، ٢٠٢٥)، بەمەش ڕێژەی دەرچوونی دانیشتوان بۆ گەشتکردن زیاتر لە (٥٠%) و ئەمەش لە بەرژەوەندی پەرەپێدانی چالاکی گەشتوگوزارە لە ناوچەی توێژینەوە.

خشتەی ژمارە(٣)

پەیوەندی نێوان قەبارەی شار و ڕێژەی ئەوکەسانەی کە شار جێدەهێڵن بۆ مەبەستی گەشتوگوزار و حەوانەوە

| قەبارەی شار | ڕێژەی دەرچووان لە شار |
|---|---|
| کەمتر لە 20000 کەس | 15 – 30% |
| 20000 – 50000 کەس | 30 – 40% |
| 50000 – 100000 کەس | 40 – 50% |
| 100000 – 500000 کەس | 50 – 70% |
| 500000 – زیاتر لە ملیۆنێك | 70 – 80% |

سەرچاوە :- قيس رؤوف عبدالله، الجغرافية السياحية، الجزء الثاني، مكتب رواد للطباعة، 1981، جدول رقم (13)، ص353 .

خشتەی (٤)

دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٢٤)

| ساڵەکان | شارنشین | % | گوندنشین | % | کۆی گشتی | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٢ | ١٤٤٥٤٠ | ٧٢،٥ | ٥٤٧٣٧ | ٢٧،٥ | ١٩٩٢٧٧ | ١٠٠ |
| ٢٠٠٩ | ١٨٧٧٢٠ | ٨٤ | ٣٥٥٧٣ | ١٦ | ٢٢٣٢٩٣ | ١٠٠ |
| ٢٠٢٤ | ٢٩١٦٤٦ | ٨٤ | ٥٥٤٥٨ | ١٦ | ٣٤٧١٠٤ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە : سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە: ١- مديرية احصاء السليمانية، خلاصة النتائج الاحصائية عن عدد السكان حسب الوحدات الادارية في الاقليم لسنة 2002 (غير منشورة).

٢-بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی پارێزگای سلێمانی ساڵی 2009.

٣-محمد مهدی کریم، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دانیشتوان و پەرەپێدانی مرۆیی لە ئیدارەی گەرمیان، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٣.

بەسەرنج دان لە خشتەی (٤) لەڕووی دابەشبوونی ژینگەییەوە:

1. دانیشتوانی شارنشین زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە پێک دەهێنن.
2. ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین بەردەوام لە هەڵکشاندا بووە بە درێژایی ماوەی توێژینەوە.
3. بەرزی ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین ئاماژەیە بۆ بەشداریکردنی ئەرێنی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لە چالاکی گەشتوگوزاریدا.

ماوەتەوە بڵێین ناوچەی توێژینەوە خاوەن ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتوانە بۆ چالاکییە ئابورییە جیاوازەکان، لەوانەش چالاکی گەشتوگوزار، لەبەرئەوەی بەیەکێک لە چالاکییە ئابوورییەکان دادەنرێت، کە پێویستی بە ژمارەی زۆری دانیشتوان هەیە، چ وەک خستنەڕووی گەشتوگوزاری بێت، یان خواستی گەشتوگوزاریی.

گرامبۆن-Grambon لە هاوکێشەکەیدا، کە پشت دەبەستێت بەپەیوەندیی ڕاکێشانی ئاڵوگۆڕ لەنێوان مەڵبەند و پێگە گەشتوگوزارییەکان و ناوەندەکانی بەرێکەوتنی گەشـتیاران، کە بەشـێوەیەکی گشـتی لەگەڵ ژمارەی دانیشـتوانی ناوەندەکانی بەرێکەوتنی گەشـتیاران بەشـێوەی ڕاستەوانە و بەشێوەی پێچەوانەوە لەگەڵ ماوەی دووری نێوان ناوچە گەشتیارییەکان و مەڵبەندەکانی نیشتەجێبونی دانیشتوان دەگۆڕێت، بەپێی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە (أمين، 1980).

$K=N/J2$ لەکاتێکدا کە:

k- نیوە تیرەی رووبەری گەشتوگوزاریی پێویست بۆ مەڵبەندەکانی دەرچوونی گەشتیاران لە ماوەی ساڵێکدا.

N- ژمارەی دانیشتوانی مەڵبەندەکانی دەرچوونی (بەرێکەوتنی) گەشتیاران.

$J^2$- دووری بە کیلومەتر لەنێوان کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون و پێگە گەشتیارییەکاندا.

لەدوای شیکاری هاوکێشەی گرامپۆن بەهاوکێشەی دۆزینەوەی ڕوبەری بازنە، دەتوانین ڕوبەری گەشتوگوزاری پێویست لە ماوەی ساڵێکدا لەهەر ناوچەیەکی گەشتیاری بۆ دانیشتوانی شارێکی دیاریکراو بدۆزینەوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (5).

ئەوەی لەم هاوکێشـــەیە تێدەگەین گرنگی شـــوێنی جوگرافییە، بەهۆی فاکتەری دوورییەوە لەنێوان ناوچەکانی داواکاریو ناوچەکانی خســتنەڕووی گەشـتیاری لەلایەك، لەگەڵ جەختکردنەوە لەســەر ژمارەی دانیشــتوانی ناوەندەکانی بەڕێکەوتنی گەشـتیاران لەلایەکی ترەوە، هەروەها لەگەڵ ڕەچاوکردنی شێوازەکانی گواستنەوەی بەکارهێنراو و سروشتی گونجاویی ڕێگاکانو ئاسانی گەیشتن بە ناوچە گەشتیارییەکان و ئەو خزمەتگوزارییانەی لەمەڵبەندەکانی پێشوازیکردن پێشکەش دەکرێن (ڕەشید، 41، 2011).

خشتەی (5)

ڕووبەری گەشتوگوزاریی پێویست بەپێی پێوەری گرامپۆن Grambon لەماوەی ساڵێکدا کە پێویستە بەشێك لە شوێنە گەشتیارییەکانی ناوچەی توێژینەوە بۆ دانیشتوانی شاری کەلاری دابینبکەن

| ژمارە | شوێنەوارەکان | دووری لە سەنتەری ئیدارەی گەرمیانەوە بە (کم) | ڕووبەری گەشتوگوزاریی پێویست لە ماوەی ساڵێکدا بە کم$^2$ | ڕووبەری گەشتوگوزاریی پێویست لە ماوەی ڕۆژێکدا بە کم$^2$ |
|---|---|---|---|---|
| 1. | قولە بەرز | 25.36 | 266629 | 730.4 |
| 2. | سە رای کفری | 34.14 | 85824 | 235 |
| 3. | ئاسیاوی قازی | 34.22 | 80384 | 220 |
| 4. | کۆشکی مجید پاشا | 34.70 | 76023 | 208 |
| 5. | ئارامگای باوە شاسوار | 35.02 | 73312 | 200.8 |
| 6. | شێخ جبرائیل | 48.45 | 19995 | 54.8 |
| 7. | نەخشی دەربەندی بێلولە | 49.28 | 18376 | 50.3 |
| 8. | باجگەی پەیکوڵی | 53.86 | 13103 | 35.9 |
| 9. | قەڵای یەزدە گورد | 54.34 | 12661 | 34.7 |

سةرضاوة: تويَذةران بة ثشتبةستن بة:ARC GIS 10.3 Measuring tool

لە داتاکانی خشتەی ژمارە (5) دەتوانین تێبینی ئەم زانیارییانەی خوارەوە بکەین:

1. بەڕوونی کاریگەریی دووری نێوان شـــوێنە گەشـــتیارییەکان و مەڵبەندەکانی نیشـــتەجێبوون دەردەکەوێت، بەشـــێوەیەك ئەو پێگە گەشـتیارییانەی کە نویکن لە سـەنتەری شـارەوە پێویسـتە زۆرترین ڕووبەری گەشـتیاری بۆ دانیشـتوانی شـاری کەلار لەماوەی سـاڵێکدا تەرخانبکەن.
2. پێگەی مێژوویی قولە بەرز بەهۆی نزیکی لە ناوەندی شـاری کەلارەوە پێویسـتە زۆرترین ڕووبەر بۆ چالاکیە گەشـتیارییەکانی دانیشـتوانی شاری کەلار تەرخانبکات لەماوەی ساڵێکدا کە کە دەگاتە زیاتر لە 266 هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە، کاتێك دابەشی سەر ژمارەی ڕۆژەکانی سـاڵی دەکەین دەبینین بۆ هەر ڕۆژێك 730 کیلۆمەتر چوارگۆشـە پێویسـتە ئەگەر هاتوو سـەرجەم دانیشـتوانی شـار لەڕۆژێکدا سـەردانی ناوچەکە بکەن.
3. ئەگەر سـەرنجی خشـتەکە بدەین دەبینین قەڵای یەزدەگورد دوورترین پێگەی شـوێنەوارییە لە سـەنتەری شـاری کەلارەوە، بۆیە کەمترین ڕووبەری گەشـتیاری بۆ دانیشـتوانی شـاری کەلار دەسـتەبەر دەکات و لە ماوەی سـەرجەم ڕۆژەکانی سـاڵدا نزیکەی 1260 کیلۆمەتر چوارگۆشـەیە، لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاسـتییەی زۆرترین گەشـتیار سـەردانی ئەو شـوێن و پێگە گەشـتیاریانە دەکەن کە نزیکن و دەتوانن بە بەکارهێنانی زۆرترین ئامرازەکانی گواستنەوە بە ئاسانی پێی بگەن.

## باسی دووەم: توانستە گەشتوگوزارییە ڕۆشنبیرییەکان:

ناوچەی توێژینەوە هاوشێوەی ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بە چەندین پاشماوەی شوێنەواری و شارستانی و ئاینیی، کە بۆ سـەردەمی مێژوویی جیاواز دەگەڕێنەوە، ئەم شـوێنەوارانە بەهای زانسـتیی گرنگیان هەیە، جگە لەوەی دەبنە جێگای سـەرنجی توێژەران و شوێنەوارناسان هەروەها بە شوێن و پێگەی خوازراو دادەنرێن بۆ گەشتیاران بەتایبەت ئەو گەشتیارانەی ئارەزووی بینین شارەزابوونی مێژوی شارستانیەتە کۆنەکان دەکەن، ئەم توانستانە لە ناوچەی توێژینەوەپێکهاتوون لە:

### 1. شوێنەوارە مێژوویی و پێگە ئاینییەکان:

شوێنەوارە مێژوویی و پێگە ئاینییەکان کاریگەری گەورەیان لەسەر پێشکەوتن و پلاندانانی گەشتوگوزار هەیە، بەگرنگترین بنەمای مرۆیی لە ڕاکێشـــانی گەشـــتیاران و چالاکی گەشـــتوگوزار دادەنرێن بەجۆرێک لە هەندێک وڵات بونەتە لایەنێکی ســـەرەکی گەشـــتوگوزار، چونکە ســـەرچاوەی ســـەرەکی داهاتن بۆ زۆرێک لە وڵاتان وەکو (میصرـــ یۆنان، چین، تورکیا، ئێرانی جاران....هیتر)، ئاشـــنابوون و تێکەڵبوون بە

شوێنەوار و لایەنی مێژوویی وڵاتان خولیاو ئارەزووی زۆرێک لە گەشتیارانە بۆ بەرزکردنەوەی زیاتری ئاستی رۆشنبیری و تێڕامان لە ژیانی رابردووی گەلان، بوونی ئەم بنەمایانە لە هەر شوێنێک واتای ئەوەیە ئەو شوێنە لە کۆنەوە مرۆڤ و شارستانییەتی تێدابووە، جا پاشماوەی خودی مرۆڤ بن وەک ئێسک و پەیکەر یان کەلوپەل و کەرەستەی ژیان و هەڵکۆڵراوەکان بن (مستەفا، ٢٠١٦، ل٨٦).

ئیدارەی گەرمیان ژمارەیەکی بەرچاو ناوچەی گەشتوگوزاری شوێنەواریی لەخۆدەگرێت، هەندێکیان گەشتیار سەردانیان دەکات و بایەخی گەشتوگەزاریان بەرزە، بەڵام هەندێکیان خزمەتگوزاری و ئاسانکاری گەشتوگوزاریی پێویستییان بۆ دابین نەکراوە، گرنگترین پاشماوە شارستانی و پێگە ئاینییەکانی ناوچەی توێژینەوەپێکهاتوون لە:

## ١-١- قەڵای شێروانە:

دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی شاری کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان و دەڕوانێتە سەر رووباری سیروان، 126 کیلۆمەتر لە باشووری سلێمانییەوە دورە، لەسەر دوو (تەپە - گرد) بنیاتنراوە، گردێکی شوێنەواری کۆنە و کنە و پشکنینەکان تێیدا دەیگەڕێننەوە بۆ قۆناغی مێژویی جیاواز، لەوانە سەردەمی ئیسلامی (عەباسی و ئەمەوی)، سەرەڕای ساسانی و کاشی، لەهەمان کاتدا کۆمەڵێک شوێنەوار و بەردی ئاگرینی تێدا دۆزراوەتەوە دەگەڕێنەوە بۆ چاخی بەردین، گردی دووەم، کە قەڵاکەی لەسەر دروستکراوە گردێکی سروشتییە و بەرزییەکەی دەگاتە (١٢،٣٠)م بەراورد بە دەوروبەرەکەی، بەشی ناوەوەی قەڵاکە پێکهاتووە لە چەند ژوورێکی لاوەکی و ژورێکی سەرەکی بەپێی زۆرێک لە سەرچاوە و بۆچونەکان قەڵاکە لە سەردەمی (محەمەد پاشا کەیخوسرەوی جاف) لەساڵی 1866-1874دا دروستکراوە، قەڵاکە لە دوونهۆم و ژێرزەمینێک پێکهاتووە و رووبەرەکەی 212 مەتر دوجایە، ئەم پاشایە بۆ جێی حەوانەوەی خۆی وەک بنکەیەکی ئیداری بۆ کاروباری هۆزەکەی قەڵاکەی بەکارهێناوە (علي، ٢٠١٤، ل١٣١).

قەڵای شێروانە و دروستکردنی لەسەر گردێکی بەرز دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشی ـ هەیە، بەشێوازێکی بیناسازی پڕ نەخش و نیگار بنیاتنراوە، سەرەڕای ئەوانەش کۆمەڵێک کەرەستە و ئامێری تێدایە، کە لەکۆندا بەکارهاتووە، ئەمانە کردویەتی بە جێگەی سەرنجی دانیشتوانی ناوچەکە و گەشتیاران، هەروەها ساڵانە زۆرێک لە بۆنە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی تێدا ئەنجامدەدرێت، وێنەی (1).

وێنەی (1) قەڵای شێروانە



سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری گەرمیان، راگەیاندنی گەشتوگوزاری گەرمیان.

## ٢-١- قەڵای پاشا (کۆشکی مەحمود پاشای جاف):

دەکەوێتە گوندی تازەدێ بەدوری 9 کیلۆمەتر لە باکووری رۆژهەڵاتی شاری کەلار، دەڕوانێتە سەر رووباری سیروان، ئەم پاشماوەیە کۆشکێکی دوو نهۆمییە، زیاتر لە کاروانسەرایەک دەچێت بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی تێیدایە، بەڵام بیناکە بە قەڵای پاشا ناوبانگی هەیە، کۆشکەکە لەلایەن مەحمود پاشای جافەوە دروستکراوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٩٥)، جگە لە باڵەخانە سەرەکییەکە لای سەروی رۆژهەڵاتەوە باڵەخانەیەکی دیکەی لاکێشەی لێیە، کە پێدەچێت تەرخانکرابێت وەک تەویلە بۆ ئەسپ و ئاژەڵی باربەر، لای

ڕۆژئاواشـــەوە بینایەکی دیکەی بچوک هەیە، کە پێکهاتووە لە ژور و دیوەخانێک بەســـەر بەرزاییەکەوە دروســـتکراوە، پێدەچێت وەک وێستگەیەکی پێشوازی بۆ کۆشکەکە بەکارهێنرابێت (علي، ٢٠١٤، ص١٣٢)، وێنەی (2).

وێنەی (2) قەڵای پاشا (کۆشکی مەحمود پاشای جاف)



سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، هۆبەی هونەری.

**١-٣-کۆشکی حەوش کوروو:**

دەکەوێتە گوندی حەوش کوروـــی سەر بە ناحیەی قۆرەتوو- خانەقین بە دووری 26 کم لە باکوری خۆرهەڵاتی شاری کەلار، رووبەری ئەم کۆشکە 5300 مەتر دوجایە، دوو نهۆمە، ئەگەرچی بەشێکی زۆری روخاوە.

بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان پێدەچێت مێژووی دروستکردنی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حکومرانیی (خەسرۆ پەروێز)ـی پادشای ساسانییەکان لەماوەی (590-628) زایینی، ئەم کۆشکە تەنها (7) کم لە کۆشکی قەسری شیرینەوە دوورە، لەهەمانکاتدا لە ڕووی بیناسازییەوە هاوشێوەی یەکترن.

**١-٤-باجکەی پەیکوڵی :**

دەکەوێتە نێوان گوندی پەیکوڵی و بەرکەل، نزیکەی (٦٠) کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژئاوای شـــاری کەلارەوە دوورە، ئەم باچکەیە لەکۆتایی حکومرانیی عوســـمانییەکان وەک شـــوێنێک بۆ وەرگرتنی باج لەو کاروان و خێڵانەی بەناو پەیکوڵیدا تێپەریون دروســـتکراوە، هەروەها بۆ چاودێریکردنی سەلامەتی کاروانە بازرگانییەکان، لەسەردەمەکانی دواتردا وەک بینای ئێشکگری پۆلیس بەکارهاتووە.

**١-٥-جۆگەی گاوری:**

ئەم جۆگەیە لە باکووری خۆرهەڵاتی کەلار لە کەناری روباری سیروانەوە دەستپێدەکات، بە چەند قۆناغێک ناوەندی شار دەبڕێت و بە ئاراستەی باشـوور درێژ دەبێتەوە. مێژوی ئەم جۆگەیە دەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمی ساسـانییەکان، بەڵام نازانرێت لە سـەردەمی چ پادشـایەکدا دروســـتکراوە، ئەگەرچی هەندێک بۆچوون هەیە دروســـتکردنی دەگەڕێننەوە بۆ ســـەردەمی حکومڕانی (کیسرـا ئەنوشـــیروان)، لەکاتی نۆژنکردنەوەیدا چەند هێمایەکی پەهلەوی تێدا دۆزراوەتەوە.

**١-٦-گۆڕ گڵینەکانی بەرلوت :**

بریتین لە شوێنەواری دو گۆڕی گڵینەیی کە لە گوندی بەرلوتی سەر بە کەلار دۆزراونەتەوە بە دوری (7) کم لە باکووری خۆهەڵاتی شاری کەلار. پێدەچێت گۆڕی ژن و مێردێک بن، یەکێکیان گۆڕی ژنێکە کۆمەڵێک پاشـــماوەی وەک کلدان و مور و کەمەربەندی تێدا دۆزراوەتەوە. مێژوی ئەم گۆڕانە بۆ (150ی پێش زاین بۆ 288 زایینی) دەگەڕێتەوە.

**١-٧-گردی ڕەحیم:**

ئەم شـوێنەوارە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ناحیەی ڕزگاریی بە دوری (7) کم لە باکووری ڕۆژئاوای شـاری کەلار. بەڕێوبەرایەتی شـوێنەواری گەرمیان ساڵی 2012 بۆ ماوەی یەک وەرز کاری کنەوپشکنینی تێدا ئەنجامدا، گڵینەی نەخشێنراوی شارستانی حەلەف و بینای بازنەی شێوازی سولی تێدا دۆزرایەوە. ئەم نشینگەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شارستانی حەلەف لە چاخی بەردینی کانزایی (هەزارەی پێنجەمی پێش زاین).

**١-٨-قولەی گوندی ئەحمەد قادر:**

ئەم قولەیە لە دووری 32 کم دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی کەلار، یەکێکە لەو قولانەی نێوان کەلار دەربەندیخان بە کەناری ڕوباری سیراوان دروستکراون. مێژوی دروستکردنی ئەم قولانە ڕوون نییە، پێدەچێت لە کۆتایی حکومرانی عوسمانییەکان دروستکرابن و پێدەچێت وەک بنکەیەکی چاودێریی بەکارهاتبن بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە سەربازییانەی لە قولەکاندا هەیە.

بەشێوەیەکی گشتیی ئەم قولانە پێکهاتوون لە دوو نهۆم، یەک دەرگای سەرەکییان هەیە، لە نهۆمی یەکەمدا نزیکەی (10) کونە مەترێزی تێدایە، لەگەڵ ئاگردانێکی گەورە و دوو ژووری بچوک، وێنەی (3).

وێنەی (3)  قولەی گوندی ئەحمەد قادر



سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، هۆبەی هونەری.

### ١-٩- شاخی کورە:

یەکێکە لە شوێنەوارە کۆن و گرنگەکانی ناوچەی توێژینەوە و هەرێمی کوردستان، دەکەوێتە گوندی بان ئاسیاو لە باشووری شاری کەلار، لە ساڵی ٢٠١٨ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان تۆمارکراوە (علی، گۆڤاری بانەڕۆژ، ل٥٢).

### ١-١٠-شوێنەواری گۆڕە گردۆڵکەی سەرقەڵا:

ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە سنووری شارەدێی سەرقەڵا بە دووری (13) کم لە باکووری ڕۆژئاوای شاری کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان. تیمی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان ژوورێکی لاکێشەیی لە خشت دروستکراوی تێدا دۆزییەوە، کە لەکاتی خۆیدا لە ناو گردێکی سروشتی دروستکراوە و پاشان داپۆشراوە بە هەمان بەرد و گڵی گردەکە، کە وەک گۆڕی بنەماڵەیەك بەکارهاتووە و ئێسکەپەیکەری (10) مرۆڤی تێدا دۆزراوەتەوە، دەتوانرێت مێژووی ئەم گۆڕە بۆ سەردەمی ئەشکانیەکان لەنێوان ساڵانی (57-191)ی زاینی دیاریبکرێت.

### ١-١١-سەرای کفری:

ئەم سەرایە دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای شاری کفری، لە لایەن ئینگلیزەکانەوە لە ساڵی (1919) دروستکراوە. پێکهاتووە لە دوو نهۆم و حەوشەیەکی گەورە، بەشێوەیەکی ئەندازەیی بە بەردی داتاشراو و مادەی قسڵ دیوارەکانی دروستکراوە، ئاسنیش لە سەقفەکەیدا بەکارهاتووە. سەرای کفری تا حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو وەکو  بینای قائمقامییەت، دادگا، موڵکداری و چەندین فەرمانگەی دیکەی حکومی بەکارهاتووە، ئێستاش هەیکەلی بیناکە بە کەلاوەیی ماوەتەوە (ئینسکلۆپیدیای گەرمیان، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ل٢١٢)، وێنەی (4).

وێنەی (4)  سەرای کفری



سەرچاوە:https://pukmedia.com/KS/Details/183248

### ١-١٢-قەیسەری کفری:

یەکێکە لە قەیسەرییە گەورە و گرنگەکانی هەرێمی کوردستان، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم، نزیکەی (١٧٥) دوکانی لە خۆگرتووە جگە لە چەندین خان لەوانە: خانی خەڵوز، خانی عەباس قەدۆ "خان خورما" و خانی موحسین ئاغا و خانی خەلیل ئاغا، قەیسەرییەکە کۆمەڵێک یەکەی بیناسازی هەیە وەک: گومەز، عەقد، تاقی کەوانەیی جۆراوجۆر و دەروازەی فراوان، هەروەها شێوازی خان و بینای دوو نهۆمی بەدیدەکرێت، قەیسەری کفری بنکەیەکی گرنگی بازرگانی سەردەمی خۆی بووە لە ناوچەکەدا، کە لە چەند ئاراستەیەکەوە قافڵەی بازرگانی ڕووی لە دەروازەکانی کردووە (سهیل خورشید عزیز، ٢٠١٩، ل٧٦-٨٦).

### ١-١٣-گەرماوی کفری:

یەکێکە لە شوێنە کەلەپوورییەکانی شار و تەمەنی زیاتر لە ١٣٠ ساڵە، دەکەوێتە ناوەندی خانووە کەلەپوورییەکان و لە نزیک قەیسەری شاری کفری دروستکراوە، لەڕوی نەخشەسازی هونەری بیناسازییەوە شێوازێکی تایبەتی تێدا پەیرەوکراوە، لەڕوی گەرمی و ڕوناکی و دابەشکردنی بۆ دوو بەشی سەرەکی دەگەڕێتەوە (گەرماوی گشتی و گەرماوی تایبەت)(عزیز، ٢٠١٩، ل١٠٣-١٠٥).

### ١-١٤-خانوە کەلەپوورییەکانی کفری:

خانووە کەلەپوورییەکانی کفری بەشێکی زۆری شارەکە پێکدەهێنن، ئەم خانووانە بە کۆمەڵێک یەکەی بیناسازی و زەخرەفەی گرنگ ڕازێنراونەتەوە، جگە لەمانەش ئەم خانووانە لەرابردودا کۆمەڵێک یادگاریی و هەندێک ڕووداوی سیاسی و هونەری و ڕۆشنبیرییان بەخۆوە بینیووە، کە لەئێستادا جگە لە گرنگییە شوێنەوارییەکەی گرنگی مێژوویشیان هەیە.

نموونەی هەندێک لە خانووە کەلەپوورییەکانی کفری، خانوی سەید موحسین ئاغایە، ئەم خانووە دوو کۆبونەوەی لە نێوان شێخ مەحمودی حەفید و هەردوو دەسەڵاتی ئینگلیزەکان و حکومەتی عێراقی تێدا ئەنجام دراوە، هەندێک کەلوپەل و پاشماوەی ئەو کۆبونەوانە لەم خانووەدا ماونەتەوە.

### ١-١٥-کۆشکی مەجید پاشا:

دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری کفری و لەلایەن (مەجید پاشای قادربەگ)ەوە دروستکراوە. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم. کۆشکەکە پێکهاتووە لە دوو نهۆم و چەند ژوور و دیوەخانێک، هەندێک لەم بەشانە بە نەخشی ڕووەکی و ئاژەڵی ڕازێنراوەتەوە.

### ١-١٦-ئارامگای باوەشاسوار:

باوەشاسوار کەسایەتییەکی گەورەی کاکەیی بووە، ئەم ئارامگەیە دەکەوێتە دامێنی چیای باوەشوار، کۆمەڵێک ئارامگان،کە مێژووی هەندێکیان دەگاتە (150) ساڵ لەمەوبەر. ئارامگاکان چەند شێوازێک لەخۆ دەگرن، ئارامگای تاک ژوور، سێ ژوور، یان زیاتر. ئەمانە ئارامگەی خێزانین و لە ڕووی هونەرییەوە گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە، چونکە ستایلێکی بیناسازیی تایبەتیان تیادا بەکارهێنراوە (ئینسکلۆپیدیای گەرمیان، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ل٢١١).

### ١-١٧-ئاسیاوی قازی:

دەکەوێتە نزیک گۆڕستانی باوە شاسوار و یەکێکە لەو ئاشە ئاوییانەی کە لە کەنار چەمی باوەشاسوار لە دەشتی کفری دروستکراوە. ئەم ئاشە قوللەیەکی لولەیی هەیە کە بەرزیەکەی (6) مەترە و دوو ژووری تێدایە، وێنەی (5).

وێنەی (5) ئاسیاوی قازی لە کفری



سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، هۆبەی هونەری .

### ١-١٨-گۆردەمەکانی کفری:

کۆمەڵە ئەشکەوتێکی بچوکی دەستکردی مرۆڤن، دەکەونە باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی شاری کفری.

## 2. مۆزەخانە و گەلەرییەکان:

مۆزەخانەکان پاشخانێکی شارستانی جیهانی گەورەن، بۆ خستنەرووی پێشکەوتنی زانیارییەکانی مرۆڤ، کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی مێژوویی جیاوازی شارستانییەتە جیاوازەکان، لەو مۆزەخانانەدا کەلوپەلی سەردەمەکانی ڕابردوو نمایش دەکرێن.

### ٢-١-مۆزەخانەی کەلەپوری میللی گەرمیان:

مۆزەخانەی کەلەپووری میللی گەرمیان ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیانەوە کراوەتەوە، شوێنی مۆزەخانەکە دەکەوێتە ناو قەڵای شێوانەوە، کۆمەڵێک ئامێر و کەرەستەی بەکارهاتوو لە ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوانی ناوچەکە لە ڕابردوودا (جل و بەرگ و ئامێری کشتوکاڵی و کەرەستەی بەکارهاتوو لە ئیشوکاری ناوماڵ)، ئەم مۆزەخانە بە درێژایی ڕۆژەکانی هەفتە کراوەیە و ڕۆژانە گەشتیار و هاوڵاتییان سەردانی دەکەن، بەتایبەت لە بۆنە و پشووەکاندا.

### ٢-٢-مۆزەخانەی شارستانی گەرمیان:

وەک پێویستییەک و بایەخدان لە هەمانکاتدا مۆزەخانەی شارستانی گەرمیان لە بەرواری ١٦-٣-٢٠١٤ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیانەوە کراوەتەوە، لە مۆزەخانەکەدا چەندین پارچەی شوێنەواری هەیە، کە لە ئەنجامی کنەوپشکنین لە شوێنەوار و شوێنە مێژووییەکانی ناوچەکەدا دۆزراونەتەوە، وێنەی (6)، کردنەوەی ئەم ناوەندە بایەخێکی بەرچاوی هەیە لە بڵاوکردنەوەی هوشیاری و بایەخدان بە مێژوو و شوێنەوار لە ناوچەکەدا، بەتایبەت بە بەردەوامی قوتابیان و خوێندکاران لە ناوەندە جیاوازەکانی خوێندن سەردانی دەکەن (سمین، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥).

وێنەی (6) مۆزەخانەی شارستانی گەرمیان



سەرچاوە: سەردانی مەیدانی توێژەران بۆ بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، لە بەرواری 17-4-2025.

## 3. فێستیڤاڵ و بۆنە کلتورییەکان:

فێستیڤاڵ و بۆنەکان ئامرازێکی گرنگن بۆ ڕاکێشانی گەشتیار، هەندێک لە وڵاتان شارەزاییان لە ئەنجامدان و خزمەتگوزارییەکانیدا هەیە، لەم ڕێگایەشەوە ساڵانە بە هەزاران گەشتیار بۆ وڵاتەکانیان ڕادەکێشن، لە ڕێگەی نمایشکردن و بەکارهێنانی ڕووداوە مێژوویی و ئاسەواری فۆلکلۆری و کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکان، وەک بەرهەمێکی ڕۆشنبیری گەشتیاری، لەوانە فیستیڤاڵی هونەری و جەژنە نەتەوەیی و فۆلکلۆرییەکان و پێشەنگاو....هتد (احمد، ٢٠١٥، ل١٧٢).

یەکێک لە بۆنە نەتەوەیی و گرنگەکانی گەلی کورد جەژنی نەورۆزە، ساڵانە لە ٣/٢١ یادی ئەم بۆنە نەتەوەییە دەکرێتەوە، هەروەها بۆنەیەکی تری گرنگ یادی کارەساتی ئەنفالە، لە ناوچەکە لە ٤/١٤ بۆ بەرزڕاگرتن و وەبیرهێنانەوەی یەکێک لە تاوانە قێزەونەکانی مێژووی مرۆڤایەتی یادی کارەساتی ئەنفال دەکرێتەوە، لەو ڕۆژەدا دانیشتوانی ناوچەکە و کەسوکاری قوربانیان سەردانی مۆنۆمێنتی ئەنفال دەکەن، جگە لەوانەش ساڵانە لە شاری کەلار و لەسەر قەڵای شێروانە بۆ ماوەی ٣-٤ ڕۆژ فیستیڤاڵی هونەریی فۆلکلۆری گەلان ئەنجامدەدرێت بە بەشداری چەندین تیپی هونەریی لە وڵاتانی جیهان (چەند ساڵێکە بە هۆکاری قەیرانی دارایی بۆنەکە ڕاگیراوە).

ئەمانە دەکرێت هەوێنی پەرەپێدانی چالاکی گەشتوگوزای ڕۆشنبیریی بن لە ناوچەکەدا، ئەگەر لەسەر بنەمای پلانی دروست کار بۆ ڕێکخستنیان بکرێت و پرۆسەی بەجیهانییکردن و بە بازاڕکردنیان بکرێتە ئامانجی لە پێشینەی دامودەزگا بەرپرسەکانی ناوچەکە و حکومەتی هەرێم.

فۆلکلۆری میللی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە سەرچاوەی ڕاکێشانی گەشتیارن و سەرنجی ژمارەیەکی زۆریان ڕادەکێشن لە وڵاتە جیاوازەکانەوە، ئەمانە بەشداری لە ئاراستەکردنی ڕەفتاری بەکاربردنی گەشتیاردەکەن، هەروەها کاریگەرییان هەیە لە هەڵبژاردنی جۆرێکی

دیاریکراو لە بەرهەم و ئەوکەلوپەلانەی دەخرێنەڕوو بەم شێوە بەشداری دەکەن لە بەرەوپێشچوونی ئابووری ناوچەی گەشتیاری، هەروەک جۆری چالاکی کۆمەڵایەتی و فۆلکلۆری (فیستیڤاڵی هونەری و ئەدەبی و جلی نەتەوەیی و کاری دەستی و ...هتد)، کە لەگەڵ دابونەریتی باوباپیران گونجاون سەرنجی گەشتیاران ڕادەکێشن، بەتایبەت ئەوانە زۆربەیان بەرەو لە ناوچوون دەچن بەهۆکاری ئاراستەی خەڵک بەرەو کەلوپەلی نوێ و سەردەمییانە، ئەمەش زەرورەتی پارێزگاریکردن لێیان و دەست پێوەگرتنیان دەهێنێتە ئاراوە (السامرائي، 2019، ص116).

## 4. خواردن و خواردنەوە ناوچەییەکان و میوزیك و جل و بەرگی فۆلکلۆری پیشە دەستییەکان:

دیاردە ڕۆشنبیرییە نامادییەکان لە ڕەگەزە دیارەکانی ڕاکێشانی گەشتیارن لە ناوچەی توێژینەوە، بەهۆکاری ئەو ئاماژە مێژووییانەی ڕەنگدانەوەی شوناسی خۆجێی ناوچەکەیە، ئەوانیش بریتین لە خواردن و خواردەمەنییە میللییەکان و جل و بەرگی فۆلکلۆری و پیشە دەستییەکان، کە تا ئێستا لە ژیانی ڕۆژانە و بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی دانیشتوانی ناوچەکەدا بونیان هەیە.

ناوچەکە خاوەن کۆمەڵێک خواردنی تایبەتە، کە دەربڕینی تێکەڵبونی کلتوری نێوان پێکهاتەکانی ناوچەکەیە لە کورد و عەرەب و تورکمان، لە دیارترینیان دۆڵمە و بریانی، سەرەڕای خواردنە خۆجێیەکانی وەک کەباب و ساوەر قەرەخەرمان، هەموو ئەو خواردەمەنیانە ڕەنگدانەوەی پەیوەستبوونی دانیشتوانە بە ژینگەی کشتوکاڵی خۆجێیی ، تێیدا بەرهەمە کشتوکاڵییە دەوڵەمەندەکانی وەک دانەوێڵە و سەوزەوات و ڕۆنی کوردی بەکاردێت.

ئەوەی پەیوەستە بە جلوبەرگی فۆلکلۆریی، دیمەنێکی جوانی بینراوی دەوڵەمەند بە هێما کلتوری و کۆمەڵایەتییەکان پێکدەهێنێت، ژنان جلوبەرگی جوانی ئاڵوواڵا و نەخشێنراو بەدەست و ڕەنگاوڕەنگ دەپۆشن، لەگەڵ کڵاو و کۆڵوانە، لە بەرامبەردا پیاوان جلوبەرگی کوردی و کەواوسەڵتە لەبەردەکەن، کە شانازییەکی نەتەوەیی و ئینتیمای تاک بۆ ناوچەکە بەرجەستە دەکات.

پیشە دەستییەکان یەکێکی تر لە ئەو ڕەگەزە سەرنجڕاکێشانەیە، تا ئێستا لە گوندەکان و ناوچە دوورە دەستەکان پیادە دەکرێت، وەک ڕاخەری چنراو (گڵێم، قاڵی)، سەرەڕای کاری چنین و پیشەسازی گۆزە و گلێنە، ئەمانە تەنها سەرچاوەی داهاتی هەندێک لە خێزانەکانی نیە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ پاراستنی کلتور و گواستنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو. ئەم جۆراوجۆرییە لە دیاردە کلتورییەکان بەهای ناوچەی توێژینەوە بەهێز دەکات وەک ڕوگەیەک بۆ گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری، هەروەها گرنگی وەبەرهێنان لە بانگەشەکردن بۆ ئەو ڕەگەزانە دەردەخات لە چوارچێوەی پلانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان.

## باسی سێیەم: نواندنی کارتۆگرافی:

هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی نەخشە بریتییە لە هێما (symbol) بە واتای نواندنی هێمایی بۆ وێنەیەکی گەورەتر، کە دەتوانێت پیشانی بدات بەچەند شێوەیەک لەسەر ڕووبەرێکی سنوورداری کاغەزێک، لە بنەڕەتدا هونەری نەخشەکێشان لەسەرچۆنێتی چارەسەرکردنی دیاردە جوگرافییە جیاوازەکان و نواندنی لەسەر نەخشە دروست بووە(الیاسري، 2011، ص18).

## 1. نەخشەی دابەشبوونی شوێن و پێگە گەشتوگوزارییە ڕۆشنبیرییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا:

نەخشەی دابەشبوونی شوێنە گەشتیارییە ڕۆشنبیرییەکان ئامرازێکی شیکاری گرنگە بۆ تێگەیشتن لە بنەماکانی گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری لە ناوچەی توێژینەوە، سروشتی دابەشبوونی جوگرافی شوێنەوار، شوێنی ئاینی و خۆشگوزەرانی کاریگەری لەسەر جۆراوجۆری و ئاستی ڕاکێشانی خستنەڕووی گەشتوگوزاری لە ناوچەکەدا هەیە، سەرەڕای پەیوەندی ئەم دابەشبوونە بە کۆمەڵێک هۆکاری جوگرافی و مێژوویی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی پێکەوە گرێدراو.

نەخشەی (٢) ئاماژە بە بوونی ژمارەیەک ناوچە دەکات کە گرنگی ڕۆشنبیریان هەیە و بەشێوەیەکی ناهاوسەنگ دابەش دەبنە سەر شار و گوندەکانی گەرمیان، دەکرێت پۆلێنیان بکەین بۆ ئەمانەی خوارەوە:

**أ-شوێنەوارە مێژووییەکان:** کە بریتین لە قەڵاو خان و بازاڕە میللییەکان، کە ئاماژەی بەرجەستەکراوی قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی شارستانییەتی ناوچەکەن، بەشێکیان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمە کۆنەکانی مێژوو، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ کۆنیی نیشتەجێبونی مرۆڤ لە ناوچەکەدا، هەروەها زۆرینەی ئەم شوێنانە دەکەونە سنووری قەزای کەلارەوە، کە ئاماژەیە بۆ ڕۆڵی گرنگی ناوچەکە وەکو ناوەندی کۆنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ.

**ب-شوێنە ئاینییەکان:** لەپاڵ شوێنەوارە مێژوویەکاندا لە ناوچەکە چەند مەزار و گۆڕی پیاوچاکان هەن، گەشتیاران سەردانی دەکەن بۆ ئاسودەبوونی ڕۆحیان.

**پ-شوێنی حەوانەوە:** پارک و ناوەندی ڕۆشنبیری و هەندێ شوێنی تر دەگرێتەوە، ئەمانە ژینگەیەکی ئارامبەخشن بۆ حەوانەوەی مرۆڤ خاڵی گرنگن بۆ ڕاکێشانی گەشتیار، بەتایبەت لەکاتی پشوو و بۆنەکاندا، لە نموونەی ئەم شوێنانە لە ناوچەی توێژینەوە پارک و شاری یاری کەلارە، وێنەی (7).

هەروەک لە نەخشـــەکە دەردەکەوێت ئەم شـــوێنانە بەهێمای جیاواز ئاماژەیان پێکراوە، لێرەدا چڕبوونەوەیەکی بەرچاو دەبینین لە چەند شوێنێک، لە کاتێکدا ناوچەکانی تر کەمتر یان هەر هیچ شوێنێکی تێدا نیە، ئەمەش بۆشاییەکمان بۆ دەردەخات، کە پێویستی بە ئاوڕدانەوەیە لە چوارچێوەی پەرەپێدانی هاوسەنگی گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری لە ناوچەکە.

گرنگی ئەم نواندنی کارتۆگرافییە لە ئاشـــکراکردنی شـــێوازە شـــوێنییەکاندایە، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو بەشـــانەی تەواوکاری لە دەرامەتە ڕۆشـــنبیرییەکان هەیە، لەگەڵ ئەوانەی کێشـــەی پەرتوبڵاوی یان ســـنوورداری بنەماکانی ئەم جۆرەیان لە گەشـــتوگوزار هەیە، هەروەها ئەم نەخشـانە یارمەتی دیاریکردنی هەنگاوە لەپێشـینەکانی پلاندانان دەدەن، چ لە ڕێگەی بەهێزکردنی پێکەوە بەسـتنی شـوێنەکانەوە یان پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکانەوە بێت.

وێنەی (7) پارك و شاری یاری کەلار




سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان، هۆبەی ڕاگەیاندن.

نەخشەی (٢)

دابەشبوونی شوێنەکانی گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری لە ناوچەی گەرمیان




سەرچاوە : کاری توێژەران لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGis10،8).

1-هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنۆلۆجیای سلێمانی (GIS)، نەخشەی کارگێڕی هەرێم، بە پێوەری (1:35.87) .

## 2. نەخشەی ڕێگاکانی گەیشتن بە شوێنە گەشتوگوزارییەکان:

ڕێگاکانی گەیشتن بە شوێنە گەشتیارییەکان فاکتەرێکی گرنگن لە فاکتەرەکانی هەڵسەنگاندنی توانستەکانی گەشتوگوزار، سەختی گەیشتن یان سنووورداری تۆڕی گواستنەوە و گەیاندن بە یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم کاراکردنی ڕۆڵی گەشتوگوزاری ئەو ناوەند و شوێنەوارانە دادەنرێت، هەرچەندە بەهای مێژوویی و ڕۆشنبیریشیان بەرز و گرنگ بێت، لەم ڕوانگەوە ئامانجی نەخشەی گەیشتن بە شوێنە گەشتوگوزارییەکان دەرخستنی ڕادەی ئاسانی یان سەختی گواستنەوە و دەرچوونە لە نیشینگە مرۆییەکانەوە بۆ مەڵبەندەکانی ئەنجامدانی گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری لە ئیدارەی گەرمیان، ئەوەش لە ڕێگەی شیکردنەوەی ژێرخانی گواستنەوە و دابەشبوونی ڕێگاوبان و پێکەوە گرێدانی نێوان شوێنەکان و ناوەندە شارستانییەکان.

لە نەخشەی (٣) دا دەردەکەوێت تۆڕەکانی گواستنەوە لە ناوچەی توێژینەوە بریتیین لە ڕێگای قیرتاوکراو شارە گەورەکانی وەک کەلار و کفری پێکەوە دەبەستێتەوە لەگەڵ شەقامی لاوەکی دەگاتە گوندەکان و ناوچە دوورە دەستەکان، لێرەدا بە پشتبەستن بە (GIS) ڕوونکردنەوە بۆ ڕێڕەوە سەرەکییەکان کراوە، کە گەشتیار دەگەیەننە ناوچەکانی تایبەت بە ئەنجامدانی گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری، لە شیکردنەوەی نەخشەی ئاماژە پێکراو دەگەینە ئەم ئەنجامانە:

١-هەندێک لە شوێنە مێژوویی و ئاینییەکان دەکەونە نزیک ناوەندە شارنشینیەکان یان لەسەر ڕێگە سەرەکییەکانن، بۆیە گەیشتن پێیان ئاسانە، ئەمەش ئاستی گەشتوگوزاری و توانای پێشوازیکردنیان لە گەشتیاران بەرزدەکاتەوە.

٢-چەند ناوچە و شوێنەوارێک بە تایبەت ئەوانەی دەکەونە گوندەکان و ناوچە دوورەکان، کێشەی لاوازی ژێرخانیان هەیە، لەگەڵ نەبوونی ڕێگای گونجاو بۆ ئاسانکردنی گەیشتن پێیان، ئەمەش بەو شێوە بمێنێتەوە دەبێتە هۆی لاوازی وەبەرهێنانی گەشتوگوزاری تێیاندا.

لەڕێگەی ئەم نواندنی کارتۆگرافییەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری لە ئیدارەی گەرمیان تەنها لەسەر ڕیکلام کردن بۆ شوێنەکان ناوەستێت، بەڵکو پێویستی بە پلانێکی گشتگیر هەیە بۆ تۆڕی گواستنەوە و پێکەوە بەستنی ناوچە گەشتیارییەکان و کۆمەڵگەی خۆجێی و ناوەندە شارنشینەکان.

نەخشەی (٣)

گەیشتن بە شوێنە گەشتیارییەکانی گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری




سەرچاوە : کاری توێژەران لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGis10،8).

1-هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنۆلۆجیای سلێمانی (GIS)، نەخشەی کارگێڕی هەرێم، بە پێوەری (1:35.87) .

## 3. نەخشەی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان:

خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دەستنیشانکردنی پێگە و ناوچە گەشتوگوزارییەکانن و بە پێوەری سەرەکی وەگەڕخستنیان دادەنرێن، دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکانی ژێرخانی گەشتیاری بۆ گەشتیار جێگەی سەرنجە و هەلی دووبارە سەردانیکردنی زیاتر دەکات، هەروەها بەشداری دەکات لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری بەردەوام، لەم ڕوانگەوە نەخشەی دابەشکردنی خزمەتگوزاری گەشتوگوزاری لە سنووری ئیدارەی گەرمیان ئامرازێکی شیکاری گرنگە بۆ دەرخستنی دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزارییە پێویستەکان بۆ پاڵپشتیکردنی چالاکی گەشتوگوزار و هەڵسەنگاندنی ئاستی دەستەبەربوونی خواستەکانی گەشتیار.

ئەم خزمەتگوزارییانە بریتین لە کۆمەڵێک ڕەگەزی پێکەوە گرێدراو، لە گرنگترینیان:

١-شوێنی مانەوەی گەشتیار، بریتین لە هۆتێل و مۆتێل وجۆرەکانی دیکەی شوێنی مانەوەی گەشتیار، بە ئاستی جیاواز.

٢-شوێنی خواردن و خواردنەوە، وەکو چێشتخانە کافتریا و گازینۆ و بازاڕ، ئەوانەی زۆر بە پێویست دادەنرێن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی گەشتیار لە ماوەی مانەوەیان.

٣-ئاسانکاری و خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان، وەک شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل، ناوەندی زانیاری گەشتوگوزار، بنکەی تەندروستی، پۆستەو گەیاندن، تۆڕەکانی ئینتەرنێت و تەلەفۆن، بنکەی پۆلیس، ئەمانە هەموو ڕەگەزی گرنگن یارمەتی گەشتیار دەدەن بەئاسانی چێژ لە گەشتەکەی وەربگرێت.

ئەم خزمەتگوزارییانە بە هێما و ڕەنگی جیاواز نواندنی بۆکراوە لەسەر نەخشەی (٤) کراوە، کە جۆری خزمەتگوزاری و چڕیان دەردەخات، لە شیکردنەوەی نەخشەکە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، جێگیربونی خزمەتگوزارییەکان لە ناوەندە شارنشینە گەورەکانە، بە تایبەت شاری کەلار، لە کاتێکدا گوندەکان و شوێنە گەشتوگوزارییە دورە دەستەکان کێشەی نەبوونی ئەو خزمەتگوزارییانەیان هەیە، ئەم کارە دەبێتە هۆی لاوازبوونی توانا و بایەخی ئەو شوێنانە، سەرەڕای گرنگی مێژوویی و ڕۆشنبیریان.

سەرەڕای ئەوانەش، نەخشەکە ئاماژە بە بوونی جیاوازی لە پلەی تەواوکاری نێوان شوێنە گەشتیارییەکان و خزمەتگوزارییەکان دەکات، ئەمەیش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لای گەشتیار دروستدەکات، بۆ نموونە هەندێک لە شوێنە گەشتیارییەکان بچوکترین خزمەتگوزاریی گشتی و سادەترین شوێنی مانەوە و پشوودانی گەشتیاری تێدانییە، بۆیە گەشتیاران ناتوانن ماوەیەکی درێژ تێیاندا بمێننەوە و چێژی زیاتر وەربگرن.

نواندنی کارتۆگرافی پێویستی پلانی ستراتیجی بۆ دابەشکردنی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان دەردەخات، بەو شێوەی لەگەڵ گرنگی هەر شوێنێکدا بگونجێت، هەروەها بەدەستهێنانی هاوسەنگی شوێنی لە دابینکردنی ژێرخانی گەشتوگوزار، هەروەها دەتوانین سوود لەم نەخشە وەربگرین لە ئاراستەکردنی وەبەرهێنانی گەشتیاریی بۆ ئەو ناوچانەی لەڕووی دەوڵەمەندییان بە بنەما مێژوویی و شوێنەواریی و ئاینییەکان توانستی بەهێزیان هەیە، بەڵام خزمەتگوزارییەکانیان سنووردارە.

نواندنی کارتۆگرافی بۆ توانستەکانی گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری لە ئیدارەی گەرمیان ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە بەکارهێنانی نەخشە تەنها بۆ خستنەڕووی داتا جوگرافییەکان نیە، بەڵکو بۆ شیکردنەوەی جیاوازیە شوێنییەکان و دیاریکردنی بۆشاییەکان و ئاراستەکردنی ستراتیجیەتی پلاندانانە. لە ڕێگەی شیکردنەوەی نەخشەی دابەشکردنی شوێنی گەشتوگوزاری، نەخشەی گەیشتن، خزمەتگوزاری گەشتوگوزار، دەتوانرێت وێنەیەکی تەواو بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دیاری بکرێت لەسەر بنەمایەکی زانستی و شوێنیی ورد.

نەخشەی (4)

خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان لەناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە : کاری توێژەران بە بەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGIS 10.8).

1-هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنۆلۆجیای سلێمانی (GIS)، نەخشەی کارگێڕی هەرێم، بە پێوەری (1:35.87).

## ئەنجام:

لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوە پێی گەیشتووە:

1. ئیدارەی گەرمیان دەوڵەمەندە بە ژمارەیەکی زۆر لە بنەمای جۆراوجۆری گەشتوگوزاری ڕۆشنبیریی، کە دابەش دەبن بە سەر یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەکەدا.
2. زۆرترین ئاسانکاری و خزمەتگوزاری گەشتیاری بۆ ئەو پاشماوە مێژوویی و شوێنەواری و ئاینییانە دەستەبەرکراوە کە دەکەونە ناو شارەکانەوە یان نزیکن لێیان، لە هەمانکاتدا ئەو پێگانەی دەکەونە گوندو ناوچە دوورەدەستەکانەوە کەمترین خزمەتگوزارییان بۆ دابینکراوە.
3. شوێنەوارە جیاوازەکان پشتگوێ خراون و بایەخدان پێیان لە ئاستی پێویستدا نیە، بۆ نموونە شوێنەوارەکانی قەیسەری و سەرای کفری.
4. تۆڕی ڕێگاوبان بەشێوەی یەکسان بەسەر یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی توێژینەوەدا دابەشنەبووە، بەشێوەیەك ڕێگای زۆرێك لەو گوندانەی پاشماوەی مێژوویی و ئاینییان تێدایە خۆڵ یان تێکەڵە ڕێژن و کێشەی کەمی خزمەتگوزاری و دامەزراوە گەشتوگوزارییەکان هەیە لە ناوچەی توێژینەوە.
5. هەرچەندە ناوچەی توێژینەوەدەوڵەمەندە بە توانستەکانی گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری، بەڵام لەڕووی مرۆییەوە نەتوانراوە ئەم دەرامەتە گەشتیارییانە لە خزمەتی پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاردا وەبەربهێنرێن.

## پێشنیار و ڕاسپاردەكان:

لەدوای دەستنیشانکردنی گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان توێژینەوەکە چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەکی خستووەتەڕوو، ئەوانیش:

1. کۆلێجەكانی زانکۆی گەرمیان و دامەزراوەكانی دیكەی وەزارەتی خوێندنی باڵا بایەخ بە ئەنجامدانی ئەو توێژینەوە زانستییانە بدەن كە تایبەتن بە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری.
2. بایەخدان بە كەرتی گواستنەوە و گەیاندن و دابینکردنی ئامرازەكانی خۆشگوزەرانی و ئاسانی گەیشتن بە ناوچە گەشتیارییەكان و بەستنەوەی بە شوێنی دەرچوونی گەشتیار لەڕێگەی دابینکردنی ئامرازە گونجاوەكانی گواستنەوەی سەردەمییانە و گرنگیدان بە هێماكانی هاتوچۆ و دانانی تابلۆی ڕێنماییكردنی گەشتیاران.
3. گرنگیدان بە پێشخستنی ڕاگەیاندنی گەشتیاری بە هەموو شێوازەكانی بیستراو و بینراو، لەگەڵ گرنگیدان بە پێگەیاندنی كارمەندی ئەكادیمی لە بواری گەشتوگوزاردا بەگشتی و گەشتوگوزاری ڕۆشنبیری بەتایبەت.
4. هاندانی وەبەرهێنەران بۆئەوەی بەشێك لە سەرمایەكانیان لەبواری گەشتوگوزاردا وەگەڕبخەن، بەتایبەت وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی، بەئامانجی ئەوەی بتوانن گەشتوگوزار بكەنە پایەیەكی گرنگی ئابووری ناوچەكە و هەرێمی كوردستان و هەلی كاری نوێ بۆ دانیشتوانی ناوچەكە بڕەخسێنن.
5. بایەخدان بە پاراستنی شوێنەوارەكان و چاككردنەوەی بەردەوامی بەشە لەناوچووەكانیان (Restoration) بە ئامانجی مانەوەیان، لەگەڵ گرنگیدان بە ئەنجامدانی چالاكی كلتوری و ڕۆشنبیری و فێستیڤاڵی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لە ناوچەكەدا، بۆ نموونە ئەنجامدانی فێستیڤاڵی كلتورە جیاوازەكان و ڕەنگەكان و ...هتد.

## سەرچاوەكان:

### ١-كوردییەكان :


١-سهێل خورشید عزیز، ئابووریی ناوچەی كفری، چ١، چاپخانەی تاران، تاران، ٢٠١٩.

٢-ئامانج جلال احمد، شیكردنەوەیەكی جوگرافی بۆ توانستەكانی گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای دوكان، نامەی ماستەر، زانكۆی كۆیە، ٢٠١٥.

٣-ڕێباز لوقمان مستەفا، توانستە جوگرافییەكانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای پێنجوێن بە بەكارهێنانی GIS و RS، نامەی ماستەر، كۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەكان، ٢٠١٦.

٤-شیروان عمر رشید، بنەما جوگرافیەكانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لەپارێزگای سلێمانیدا، تێزی دكتورا، كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی،٢٠١١.

٥-لوقمان وسو عومەر، توانستە جوگرافییە گەشتوگوزارییەكانی قەزای كۆیە، نامەی ماستەر، كۆلێجی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، ٢٠٠٦.

٦-محمد مهدی كریم، شیكردنەوەیەكی جوگرافی بۆ دانیشتوان و پەرەپێدانی مرۆیی لە ئیدارەی گەرمیان، تێزی دكتورا، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٢٣.

٧-محمد وتمان محمد، بنەما جوگرافییەكانی پلاندانانی گەشتیاری لە قەزای شارباژێر، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی، كۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەكان، ٢٠١٥.

٨-محمد علی شوێنەوار، شوێنەواری شاخی كورە، گۆڤاری بانەڕۆژ، ژمارە ١٣٢ی زستانی ٢٠٢٥.

٩-هەرێمی كوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی، زانكۆی گەرمیان، ئینسایكلۆپیدیای گەرمیان، بەرگی یەكەم، بەشی یەكەم، ٢٠٢٤.

١٠-هەرێمی كوردستانی عێراق، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەكنۆلۆجیای سلێمانی (GIS)، نەخشەی كارگێری هەرێم، بە پێوەری (1:35.87) .

١١-بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی پارێزگای سلێمانی ساڵی 2009.

١٢-بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان، ژمارەی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان لە ساڵی ٢٠٢٤، داتای بڵاونەكراوە، ٢٠٢٥.

١٣-چاوپێكەوتن لەگەڵ بەڕێز (صالح محمد سمین)، بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان، ١٧-٤-٢٠٢٥.

## ٢-عەرەبییەکان :


1. أزاد محمد أمين،المقومات الجغرافية الطبيعية لنشوء و تطورالسياحة في المنطقة الجبلية من العراق، في كتاب(مقدمة فى الجغرافية السياحة مع دراسة تطبيقية عن القطر العراقى)، جامعة بغداد، 1980).
2. إيلاف عامر مجيد اليا سري، التمثيل الخرائطي لأستعمالات الأرض الحضرية في مركز قضاء الهندية بأستخدام نظم المعلومات الجغرافية**GIS**، رسالة ماجستير، جامعة بابل، 2011.
3. جمال الدين إبن منظور، لسان العرب، مجلد 13، دار صادر للطباعة والنشر، بيروت،1956.
4. خالد ولى على، المقومات السياحية فى منطقة كرميان و افاقها المستقبلية، رسالة ماجستير، كلية العلوم الانسانية و الرياضة، 2014.
5. رياض محمد علي عودة المسعودي، السياحة البيئية و الاثارية في محافظة كربلاء و استثمارها في تحقيق التنمية المستديمة، مجلة البحوث الجغرافية، العدد18، 2014.
6. طه حمادي الحديثي، جغرافية السكان، ط2، مطبعة جامعة الموصل، الموصل، 2000.
7. قيس رؤوف عبداللة، الجغرافية السياحية، الجزء الثانى، مكتب رواد للطباعة، 1981
8. ماهر عبدالعزيز، صناعة السياحة، دار الزهران للنشر والتوزيع، عمان، **2008**.
9. مثني طه الحوري و إسماعيل محمد علي الدباغ،مبادىء السفر والسياحة،مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع،طبعة الاولي، عمان،2001.
10. مثني طه الحوري و إسماعيل محمد علي الدباغ،مبادىء السفر والسياحة،مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع،طبعة الاولي، عمان،2001.
11. مجيد ملوك السامرائى، الجغرافية السياحية، طبعة الاولى، بدون مطبعة، بدون مكان الطبع، 2019.
12. محمد الصيرفي، مهارات التخطيط السياحي،المكتب الجامعي الحديث،اسكندرية،2008-2009.
13. محمد منير حجاب، اللإعلام السياحي،دار الفجر للنشر والتوزيع،طبعة الثانية،القاهرة،2003.
14. مديرية احصاء السليمانية، خلاصة النتائج الاحصائية عن عدد السكان حسب الوحدات الادارية في الاقليم لسنة 2002 (غير منشورة).
15. نيشان سورێن موسيس، مقومات الصناعة السياحة في محافظة دهؤك، رسالة ماجستير، كلية آداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، **2004**.


## ٣-ئنگليزييەکان:


1 - Sally wehmeimer، Oxford Learner s Dictionary،Oxford University Press، 2004 .

3 -OECD (2009) the Impact of Culture on Tourism. OECD، Paris.


## ٤-ئەنتەرنێت:


1- Richards، G. (1996) Cultural Tourism in Europe. CABI، Wallingford. Available to www.tram-research.com/atlas.

2 - السياحة الثقافية: رحلة لاستكشاف الحضارات والتأريخ/ Goldenhorsestravel.com .

2-https://pukmedia.com/KS/Details/183248

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC- 6

# Cartographic Representation for the Efficiency of Cultural Tourism in Garmian

Kamaran Mohammed Tawfiq[1], Shamal Ali Marif Aziz 2, Aram Hasan Mohammed [3]

1-Department of Social Sciences، College of Basic Education، Garmian University، Kurdistan Region، Iraq
2-Department of Tourism، College of Commerce، Sulaimanyah University، Kurdistan Region، Iraq
3-Department of Social Sciences، College of Basic Education، Garmian University، Kurdistan Region، Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **April 2025** |
| Accepted | **May 2025** |
| Published: | **August 2025** |

**Keywords**

**Cartographic representation , Garmian Administration cultural, tourism representation**

**Corresponding Author**

kamaran.mohammed@garmiam.edu.krd
Aram.hassan@garmiam.edu.krd
Shamal.marif@univsul.edu.iq

**abstract**

Cultural tourism، which has gained a lot of popularity in recent times، allows for the interaction of tourists with the culture، civilization and lifestyle of the people of the host community. Due to the richness of the Garmian administration with the efficiency of practicing this type of tourism the research aims to analyze and portray the components of cultural tourism in the research zone through spatial analysis and the use of new cartographic tools. The research consists of three main parts، starting with a theoretical framework، then followed by a geographical analysis of the efficiency of cultural tourism in the area، which includes ancient and archaeological sites، museums، festivals and cultural activities، handcrafts، music، art، traditional clothes، and local food and beverages. The third and final part is dedicated to cartographic representations of the distribution of ancient and archaeological sites، tourist services، and different ways to reach them through a diverse number of maps. The research employs descriptive and analytical methods to reach the expected results، while using GIS and RS programs for data analysis and map creation. The research hypothesis is based on the richness of the area with the potential to develop this type of tourism.

Finally، the research analyses the challenges facing the development of cultural tourism in the region by providing the necessary scientific recommendations and suggestions to develop this vibrant sector on the one hand، and to help planners and stakeholders on the other hand، to cope with the needs of sustainable development، and to contribute to the preservation of the cultural identity of the region.